# گــــولّــه كـــا ن

دلّشـــادى عومه ركا كى



گـــــــوولّـــه كان
ڕه نگيان.. مناڵيمان بانگ ده كـــــا ..
بـــۆنيان ... ده ماغـى هـــه رزه يمان پـــڕ ده كـــا ...
كيژۆ ڵـه يه ک گوڵه كانى لێ سه ندين ..
هه موو گـوڵى باغه كان.. گوولّى ده شت و ده ر..
گوولّه كێويله كان ..گوولّى نێو چيرۆک و داستانه كان
كچێ ،ســه رقاڵى عـه شقى كردين ..
گوولّه كانى له بير بردينه وه و، ، خۆى لێ وون كــــرد ين .
كچێ.. به نێو باغه كاندا ، دێت و ده چـــێ ...
كچێ له ده شت و ده ر، ،
كچێكى چيايى ..
له نێو چيرۆک و داستانه كانه وه دێنه ده ر.
كچا ن عاشقيان كردين ..
ناوى گوولّه كانيان له بير برد ين

***************************

ئيدى كچه كان خۆيا ن به گووڵ كردوو...
بوون به هێرۆ .. بوون به نازه نين .. به لاولاو..
بوون به نه سرين و به په روين ..به گوولّه باغ
به گوڵزار و گولستان و به گووڵاڵه ..
بون به گووڵ
به گوولّه ژاڵــــه

********

كچ نيه .. خۆى بـكا به گووڵ .. وه ک گووڵ
بۆن خۆش ، ،شيرين ..نـاسک و نيان بێ
هيچ گووڵێ نابێ به به كـــچێ ...
گووڵ نيه.. به قه د.. كچ جــوان بێ

****************